

## دادنووسی عەینکاوە بۆ راوێژ:

# هیوادارم پەلە بکرێت لە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگە دادییەکانی هەولێر

**فەرمانگەکانی دادنووسی، یەکێکن لەوانەی رۆژانە بە دەیان پارێزەر و هاوولاتییان سەردانییان دەکەن، بۆ راییکردنی مامەڵەکانیان، لە بریکارنامە و بەڵێننامە و دەستەبەری و پەسەندکردنی گرێبەستەکان و کاری تر. بۆ نزیکبوونەوە لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکان، لە نزیکەوە بەڕێز (مەهدی سالح) دادنووسی فەرمانگەی عەینکاوەمان دواند.**

**راوێژ: دوای جیابوونەوەی دەسەلاتی دادوەریی، لە وەزارەتی داد، چارەنووسی ئێوە چیٛ لێهاتووە؟**

مەهدی سالح: فەرمانگەی دادنووسی وبەڕێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکان و بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن، هەر لە ژێر سێبەر و دەسەلاتی وەزارتی داد دا ماوەتەوە و بەشێک نییە لە دەسەلاتی دادوەریی کە لەو ماوە نزیکانە، لە وەزارەتی داد جیابۆتەوە.

**راوێژ: بەهۆی ئەو جیابوونەوەیە، ئێوە چ کێشەیەکتان بۆ دروست بووە، لە فەرمانگەکەتان؟**

مەهدی سالح: ئێمە کۆمەڵێک کێشەمان هاتووەتە ڕێ، وەکوو کەمی فەرمانبەر و نەبوونی یەکەی ژمێریاری تایبەت بە فەرمانگەکەمان و نەبوونی بینایەکی تایبەت بە خۆمان و پۆلیسی پەیوەندیدار. کە هیوادارین وەزارەتی داد لەو رووەوە خەمێکمان لێ بخوات و ئەو کێشانەمان بۆ چارەسەر بکات.

**راوێژ: ئەی چۆنە، تا ئێستا بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی تایبەتی بە خۆتان نییە؟**

مەهدی سالح: بەپێی یاسای نوێی وەزارەتی داد، ئێستا دەبێت بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی تایبەت بە فەرمانگەکانی داد هەبێت، کە فەرمانگەکانی دادنووسی و چاودێری ناکامەکان و جێبەجێکردن دەگرێتەوە، ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە، ئێستا هەیە و بەڕێوەبەری گشتی دادی، بەشێوەیەکی کاتی بەڕێوەی دەبات و بڕیاریشە فەرمانگەی دادی لە هەولێر و شارەکانی تر دروست بکرێن، هیوادارین ئەو فەرمانگەیە زوو دەست بەکاربێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو سێ فەرمانگەیەی لەسەرەوە باسمان لێ کرد، بەیەکەوە ببەستێتەوە و ببێتە مەرجەعێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی.

**راوێژ: دەنگۆی ئەوە هەیە، کە جەنابتان کاندید کراون، بۆ وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەری فەرمانگەی دادییەکانی هەولێر؟**

مەهدی سالح: بە پێکەنینەوە ( گرینگ ئەوە نییە من یان کەسێکی تر ببێتە بەڕێوەبەر)، گرینگ ئەوەیە زوو ئەو فەرمانگەیە پێک بهێنرێت و کەسێکی شیاو خزمەتی تێدا بکات.

**راوێژ: زۆرجار پارێزەران گلەیی ئەوە دەکەن، کە هەر دادنووسێک و بڕیارێکی خۆی هەیە لەسەر مامەڵەکان؟**

مەهدی سالح: دادنووس لەسەر کۆمەڵێک یاسا و رێنمایی کار دەکات، کە لەبەر دەستییەتی، قەناعەتی دادنووسەکەش بۆ بەڕێوەچوونی مامەڵەکان لە هەندێک حاڵەتدا، بنچینەیەکی گرینگە. بۆ نموونە پارێزەر یا هاوولاتی هەبووە کە گرێبەستی کرێی سامانی نەگوێزراوەی پەسەند کردووە لای دادنووسێک، بەلام کە هاتۆتە لای من بۆم نەکردووە، لەوانەیە گلەیی کردبێت. چونکە سەرپێچی بووە لە یاسا بەپێی یاسای دادنووس.

**راوێژ: دەڵێن ئێوە دان بەو بریکارنامانە ناکەن کە لە دەرەوەی هەرێم دەکرێن و داوا لە هاوولاتییەکان دەکەن، کە نووسراوی (صحة الصدور) بهێنن، کە ئەمەش ئەزیەتدانی هاوولاتییانە؟**

مەهدی سالح: بەهۆی ئەو بارەی بەشەکانی تری عێراق پێی تێپەڕ دەبێت، جگە لە هەرێمی کوردستان، بە سەدان بریکارنامە تەزویر کراوە، کە وای کردووە تەنانەت ئێمە متمانەمان بە بریکارنامە راستییەکانیش نەمێنێت، بۆیە بەپێی رێنمایی سەرووی خۆمان، داوای نووسراوی (**صحة الصدور**) دەکەین، کە ئەگەر هاوولاتییان بەباشی لێی ورد ببنەوە، ئەوە لە بەرژەوەندی ئەواندایە، بۆ ئەوەی تووشی زەرەروو و دەرەنجامەکانی ئاشکرا بوونی تەزویر نەبن.



rawezhgovar@yahoo.com